له

**(حەمەسەعید حەسەن)ەوە**

بۆ

**نەوشیروان مستەفا**

تۆیەک کە لە سەرەتای ئایاری (1983)دا هەڵتکوتایە سەر بنکەی پشتئاشانی شیوعییەکان و شەست و پێنج کەست لێ کوشتن، تۆیەک کە دەستەکانت هەنووکەش خوێنی شاعیری کۆمۆنیست (ئەبوبەکر عەلی)یان لێ دەچۆڕێت. تۆیەک کە لە ناوەڕاستی تەمووزی (2000)دا هێرشت بردە سەر بنکەی کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی سلێمانی و پێنجت لێ تیرۆر کردن. تۆیەک کە بە دیلکوژ ناسراویت و بەشێک لە شیوعییەکانی بنکەی پشتئاشانت بە دیلیەتی کوشت، تۆیەک کە هەڵگری ئەو شەرەفە بڵندەیت، یەکەمین کوردیت، ژنت بە دیلیەتی کوشتبێت، ئەوە نەبوو لە پشتئاشان (ئەحلام)ت بە دیلیەتی گوللەباران کرد و لێ گەڕایت چەکدارەکانت بۆ ئەڵقە زێڕەکەی، پەنجەی ببڕنەوە؟ تۆیەک کە بە هەق قارەمانی بێوێنەی شەڕی نێوخۆ و قەلاچۆکەری کۆمۆنیستەکانی عێراق و کوردستانیت، تۆیەک کە شاگردێکی بە نەمەکی ئیبراهیم ئەحمەدیت کە ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی بڵێت: (کوردستانی من جێی حیز و شیوعی تێدا نابێتەوە،) چاوەڕێی ئەوەت لێ دەکەم دەستبەجێ، فرمانی گوللەبارانکردنی کۆمۆنیستی سەرسەخت، (**ڕێبوار عارف**) دەر بکەیت، با ئاژاوەگێڕان چی دیکە بیر لە شێواندنی ئارامی و ئاسایشی شاری سلێمانی نەکەنەوە!

ئەوانە سەریان دای لە گاشەبەردەکانی قەندیل کە پێیان وایە، لە هەر جێیەک یاسا سەروەر بێت، تۆ ئەی نەوشیروان مستەفا وەک تاوانبارێکی کۆکوژ بە داداگا دەدرێیت.

2005. 05 07